# ڕۆشنبیریی دیموکراتیی ســەرکەوتو.. و ناســیونالیزم

دڵشـادی عومەرکاکی



مێژویەکی پرشنگداری دێرینی( دەوڵەت و حوکمی) دیموکراتی بەر لە لەدایکبونی مەسیح وپیش بوزاش یەکەم وێنەی دیموکراتیەت لە جمهوریەکانی هیندی کۆندا هاتە ئارا..

جمهوریەتی (مـاهـاجاتا باداس) یەکەم سەرزەمینی درەوشانەوەی دیموکراتی بـو لە وڵاتی هیندســـتان..ئیستاش هەر ئـەو پرشنگەیە.. لەسەرزەمینێکی فرە ئاین و فرە نەتەوە لە ژێر باڵی هەژاریی و بێدەرامەتیەکی بێسنورو لەنێو ســـەرزەمینێکی بیشومارلە دانیشتوان درەوشانەوەی هەر مـاوە..کەچـــی لەسەردەمی (ئەسکەندەری گەورەدا)ســەدەی چوارەمی پیش مـیلاد کەئیغریقـیەکان دەربارەی دەنوســن،دو دەوڵەت بەناوی(ســابارکایی) و(سامباستایی) بەپێی مێژوونوســـە یۆنانیەكـــان تیایاندا حکومەتێکی (دیموکراتی) فەرمانڕەوایی کردوە،ئەو دو دەوڵەتە..(پاکســتان) و(ئەفغانســتان)ی ئەمڕۆیـــــە ..!!

لە هەردو وڵاتی گەورە لەدەسەڵات و جەنگ و مێژوی خوێناویشدا (ئیتالیا) و(ئەڵمانیا) وە بەرهەمهێنان وبەپرۆسەکردنی دیموکراتیەت هەروابە ئاسانی وەبەر نەهات..(مۆسۆلینی) لەبەردەم قەیرانی ئابوری بۆ قورتارکردنی ئیتالیاپارتی (فاشی) دروست کرد فاشیزم هەوڵی بۆ بەرزکردنەوەی نەمریی وشکۆمەندیەکانی نەتەوەو(ناسیونالیستی) بۆ پلەکانی باڵا بەرزکردەوە ئەڵمانیای (نازی)یش (ناسیونال سۆسیال)ی 1945/1933 کە چەمکێکی ڕادیکالە بەو مێژووەوە کردەچارەنوسی ئەڵمانیا نازیەت..کورتکراوەی بەئەڵمانی(ناسیونال زۆتسیالیزمۆس) دەکاتە(پارتی کاریی نەتەوەیی سۆسیالیستی ئەڵـمـانnsdapنازیەت بەلێکدانەوەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی پەیوەندیدارە بەچەوساندنەوەی جولـەکـە،(ڕق دژ بەجولەکە)یان دژە بـــەبیروفەلسەفەی (مارکس)..واتە (دژە مارکسـیەت) وە(دژە دیموکراتیی).

ئەدگارو سیمـای دەوڵەتی فاشـــی وحوکمی نازیەکـــان..بریتی بوە لە خۆ بە قـوربانیی کردنی تـاک لەپێناو کۆمـەڵـدا باوەڕهێنان بە مەبدەئی تاکـە حـیزب..چرکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی چینی باڵاو زۆرباشـدا..دەسەڵاتی دینەمۆی حوکم بە سەرهۆکانی ڕاگەیاندنداو بەکارهێنانی بۆ کاریگەریی کردنەسەر (ڕای گشـتیی).

**ناســـیونالیزم وناسیونالیســـت...**

ناسنامەیەکی نەتەوەیی(قومی)عەرەبەکان بە(القومـجـیـە) ناسناوی دەکەن هەرعەرەبەکانیش سودمەندبون لەدووچاخی جیا جـیا..بۆ ئەوان جارێک ئاین وجارێک هەویەی نەتەوەی عەرەبیان بەدەستەوە بو بۆ دروستکردنی دەوڵەت ،ئاین پشتگیری تەواو لەدامەزراندنی دەوڵەت دەکات لەسەربنەمای ئاینی نەک نەتەوەیی.جارێکی تر..یەکێتی زمـان و مێژوش جارێکی دی ناسنامەی ناسیونالیستیان بە دەستی دەوڵەتانی عەرەبی ناسیونالیستەوە..کە زۆربەیان لەژێر شارستانیەتی ئیسلامی مـــاف بەخۆیان دەدەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی..کاتێکیش دێنە بەردەم خواستەکانی کەمینە کان کە لەنێویان ولەگەڵ..

ئەواندا دەژین ئیسلام بەچەتری هەموان دەبینن و ئەوە لە بیر گەلان دەبەنەوە..کە بە هەر شێوەیەک ببنە خاوەن دەوڵەتو خۆیان بەڕێوە ببەن.شارستانی ڕۆژئاوایی لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمداکە کۆمەڵگای ئەوروپی لەسـەر بنیاتنرابوو ئـایـنی مەسیحی (کریسـتیان) بوو. ئەمانیش بەرلە دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتە کانی(عەباسی وعوسمانی..هتد) یان دەوڵـەتەكـانـی(ئەمەوی،سەفەوی فاتمیی..هتد)شکۆمەندیان بە ئیمپراتۆریەتی(بێزەنطی) و(نەمساوی)یەوە مێژویەکی پڕشانازیو تەنانەت باڵیان دابوبەسەرنیوەی ڕۆژهەڵاتدا لە جەستەی دەوڵەتی

مەرکەزی کە دەوڵەتی ئینتداب لەژێر دەستیاندابو لەوانەدەوڵەتی(کوستانتینیە)کە ناوە ندەکەی لە تورکیاو مەرکەزی لە ئەستانبوڵ بوو، زمانی گشتی هاوبەس زمانی(لاتیـنـی) نێوان گەلانی ژێر دەسەڵاتی کڵێسـاو ئەوروپای کریستیانی رۆژئاوایی بوو لە هەمان کاتدا زمانی عەرەبی وئاینی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات وڕۆژهەڵاتی ناوەند باڵا دەست وسەردەستەی گەلان بوو، دوای ڕێنیساس(عصـر النـهظه)ئەوروپا خـۆی لەژێر شارسـتانیەتی رۆمانی و زمانی یۆنانـیـدا بینیەوەو،بە دوای ئەویشداشارستانیەت وڕۆشنبیریی (فـەرەنسـا)سەرتاپا دەستەو بەرەو چینەکاتی ڕۆشنبیرانی ئەوروپای خستە ژێر باڵیەوە،پاشان تێز ی ئەڵمانی و بیرمەندو ڕۆشنبیرانی (گەرمان) ئەڵمان، کە( یەکێتی ئەڵمانیایان) دروست کردبوو..هاتە ئاراوە یـەکێتی گەلان و شارستانیەت بوە خاڵی هاوبەش وکۆکردنەوە وسەرخستنی( بیری ئازاد)،یەکێتی (ئیتالـیـەکان)..تادەگاتە ئامانجی پۆلۆنیەکانکە خەونی (سەربەستی پۆلـۆنـیـایـە)..زمان زاڵکردنی ناسیونالیستی(ئیمپراتۆری نەمساوی) دەوڵەتی عەسمانی هەڵوەشاندەوە..لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەو گەل و نەتەوانە جیا بونەوە کە بە زمانی (تورکـی) نادوێن..لە ڕوخان ولەناوچونی ئیمپراتۆریەتی (نـەمسـا)ش ئەو گەلانە جەا بونەوە کە بە زمانی (ئەڵمانی )قسە ناکەن و نادوێن، ناسیونالیستیی لەسەر ئاستی(تـوانـا)(بەڕێوە چونی ژیانی هاوبەش)ساڵی1882(ئارنست ڕنیان)یەکەم کەس بولە ووتارە بەناوبانگەکەي لە (سۆربۆن) بەناوی (نەتەوە کێیە..؟)..دەڵێ>بنچینەلەدروستکردنی نەتەوە خواست و توانـای گەلانە بۆ ژیـان..ژیـانی پێکەوەیی هاوبەش..لەپاڵکەلەپورو مێژوو لەسەر بنچینەی یەکێتیی ژیانی ئابـوری(مارکسـیەت ) لەسـەر ئەم ئاراستەیـە ڕادەوەستێ وئەم تێزە وادەبینێ کە دەستکەوتە هاوبەشە ئابوریەکان وپەیوەندیی بەتینی ئابوریی دەبنە گەورەترین بنچینەو بناغـە لە یەکێتی نەتەوەودا.

لای ئەڵـمـانەکان ناسیونالیزم ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیە،زمان و کەلتور ومێژوی هاوبەشی هاونیشتیمانیان نیشـتیـمان یەک دەخات،دەنگ و دەنگدان بۆ خۆیان (مافی چارەنوسی خەڵک) دەاری دەکات وڵاتی نەتەوەیی(ناسیونال) نەتەوەیی پێک دەنێ

Selbst bestimmungs recht der völker

**ڕۆشنبیریی دیمـوکراتیـی..**

دیموکراتیەت خۆی بۆ خۆی وڵاتێکە لەئاوەدانی وئارامی وپێکەوە ژیان، ڕۆشنبیریی دیموکراتی پێشکەوتو خواز،.بە تەنـهـا هەڵبژاردنی سەربەست نیە، هەڵبژاردن بە تەنها شارێک ڕێکناخات .وڵاتیک ناکات بە وڵاتێکی دیمۆکراتیی ڕۆشنبیریی بۆ دیموکراتخواز پراکتیکەکردن و بەژیاان کردنیدیمۆکراتییە.دیموکراتیەت..قبوڵکردنی(پارت وحیزبێکە) بەئەندام ودۆست و لایەنگرانیەوە..لەکاتی دەرنەچون وە دۆراندنیاندا بە وازهێنان بەرامبەر بە حیزبی هەڵبژێردراو وەنەیارانیانیان پێ قبوڵبێت. ڕۆشنبیریی دامەزراوە حیزبییەکان دەبێ بگۆڕێ..بەرامبەربەئۆپۆزسیۆنی بەئەمەک(المعارضە الوفیـە) بەتەنهاش تێزی دێموکراتی لە ئەستۆی پارت ودامەزراوە حیزبیەکان وسەرکردەو سەرکردە سیاسیەکاندا نیە فەرمانگەو دامەزراوە مەدەنیەکان داهێنەری تێزەکەنین بەقەدەر ئەوەی بەگەڕ خەرو کارپێکەری چەمکی دێمۆکراتین.دیموکراتیی وەک نامەیەک ودێموکراتخوازگەر بخوازێ هەمو مرۆڤێک دەتوانێ دیموکراتخواز بێت.. هەندی جاریش بەڕێگای بەهاو دەستکەوتەکانداپارتی نەیارولایەنە معارزەکانیش ئەمەکی خۆیان لەدەست ئەدەن..کەواتە ڕۆشنبیریی دیموکراتی بەهەمومان و بەئامادە بونی هەمـومان دەکـرێ بەچاودێریی ڕۆشنبیران..هەڵبەتە ڕۆشنبیرانی بەرەی گەل.ئەوانەی کە یەکسانی شارستانی بەیەکێ لەپایەکانی دیموکراتی دەبینن..دەخوازن بەئاشتیانە دەسەڵات لەنێواندا بەڕێوە بچێ.. پایەکانی دیموکراتی بیروباوەڕی دەسـەڵاتی زۆرینـەیـە..

نووێنەرایەتی کردن وهەڵبژاردن..موعارەزەی بەئەمەک ووەفادار سەروەریێ یاسا.( یاسـا) گەورەترین هێزە بۆکارپێکردن وچەسپاندنی دیموکراتیەت..دیموکراتخوازچەندە عەوداڵی ئەم پەیامەیەو داوای دەکات دەبێ بیشی بەخشـێ لێرەوە ،لـەم خاڵەوە سەربەستیەکان سەرهەڵدەدەن ..گەلانی بن دەسـت چەندمافیان لای سەردەستەکانیان هەیە،،کە ئازاد بوون ناشـێ ئەوان بۆکەمایەتیی وتاکەکان دیسانەوە سەردەستە

بن..دیموکراتیەت دەخوازێ بۆسەربەستی زۆرتر لەوانەش..سەربەستی (رآی)..سەربەستی گوزارشتکردن(حریەالتعبیر)..سەربەستیی کۆبونەوە خۆپیشاندان..ڕێکخستنی حیزبی..هەتا دەگاتە زەمانەتکردنەکان وە مافە مەدەنیی ومافە ئابوریەکان..پاشانیش قەدەغە کردن وحەرامکردنی کارەناشرین ودزێوەکان لەوڵاتی دیموکراتیی و لەنێو گەلی دیموکراتخوازداسەربەستی بۆتاک هەیەو مافیش بۆئاینەکان..فەرەنسا ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسی کەم و بێگانەی ڕولەزیادبونە هیچ ڕێگایەک لەبەئیسلامبونی فەرەنسیەکان ناگیرێ کەزیاتر بەهۆی ژیانەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتیی وخێزانداریەوەدێتە ئاراوە.نەک حەزی باوەڕداریی فەرەنسیەکان بێت بۆئاینی ئیسلام.سەرەڕای ئەمەش دیموکراتیەت نەلایەنگری دەکاو نەچاوپۆشی چونکە دیمۆکراتیەتی بەدەستهاتو لەووڵاتەداپراکتیکە کراوە نەک تیۆرێک بێت بۆ خوێندنەوە..ڕۆشنبیریی دیموکراتیی بەرامبەرئایدۆلۆژیای تاک هاوچەرخەو ڕۆحیەتی تاک بۆنیشاندانی پرۆسەی دیموکراتیی بەهێند دەگرێ.کوشتنی سەربەستیی ومافەکانی کەمایەتیەکان و(تاک) بەگژ چاخە تاریکەکانی ناسیونالیزم وناسیونالیستەکان وتاکە حیزب دا دەکا، دیموکراتیەت بەخۆیو شارستانیەت وڕۆشنبیریی دیموکراتییەوە دوای هەڵبژاردنیش ..چونکە دیموکراتیەت خواستی گەلانە هەمیشە لەچاودێریدایە.

*************************************************************

ئەم وتارە لەڕۆژنامەی(ڕۆژنامە)دا ژمارە(242)لاپەڕە(10)ڕۆژی2008/06/15بڵاو کراوەتەوە.